حكومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

ژمارە : ٥٥
ڕێکەوت: ١٥ / ڕێبەندان / ٢٧٢٠ کوردی

العدد: ٥٥
التأريخ: ٣ / ٢ / ٢٠٢١

**بۆ / بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - گەرمیان)**

**ئاماژە بە کۆبوونەوەی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٣ ی ٢ ی ٢٠٢١:**

**١-** لەسەر ئاستی قوتابخانەکان لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا پێکدەهێنرێت، لیژنەکە پێکدێت لە: (بەڕێوەبەری قوتابخانە - سەرۆکی لیژنە، ئەندامێتی: یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستایەکی قوتابخانە، ڕێنماییکاری قوتابخانە، ئەو قوتابخانانەی ڕێنماییکاری پەروەردەییان نیە دوو مامۆستا دەبنە ئەندام)، لەلایەن هاوڕێی ڕەخنەگرەوە سەرپەرشتی راستەخۆ دەکرێت و ڕاپۆرت پێشکەشی هاوڕێی ڕەخنەگر دەکرێت، کاری ئەم لیژنەیە بریتیە لە:

أ- بەدواداچوون بۆ ڕێکارە تەندروستییەکان.

ب- بەدواداچوون بۆ تەندروستی قوتابیان و خوێندکاران و دیاریکردنی هەر قوتابیەک کە نیشانەی تووشبوون بە ڤایرۆسەکەی هەبێت.

ج- دیاریکردنی ئەو قوتابیانەی پێشتر تووشبوون، خۆیان و خێزانەکانیان.

د- بەرزکردنەوەی پێشنیاری لیژنەکە و هاوڕێی ڕەخنەگر لەسەر داخستنی هەر پۆلێک کە تووشبووی تێدا دەرکەوێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا، بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا دەسەڵاتی ڕاگرتنی دەوامی ئەو پۆلەی پێدەدرێت کە لیژنەکە پێشنیاری کردووە .

هـ- پێشنیاری لیژنە و هاوڕێی ڕەخنەگر و بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا بۆ ڕاگرتنی دەوام لە هەر قوتابخانەیەک کە ڤایرۆسی کۆرۆنا بەشێوەیەکی بەربڵاو تیایدا هەبێت بەرزدەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئیدارەسەربەخۆکان وە دسەلات دەدرێت بە بەڕێوەبەری گشتی پەروەردە بەمەبەستی ڕاگرتنی دەوامی ئەو قوتابخانەیە .

**٢-** بەڕێوەبەری قوتابخانە لە حاڵەتی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە بوونی نوێترین بەڵگەی پشتڕاستکراوی پشکنینی کۆرۆنا لەناوەندە تەندروستیە حکومیەکان، لەلایەن بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزاوە مۆلەتی پێدەرێت تاکو چاکبوونەوە.

**٣-** یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری قوتابخانە و مامۆستایان و فەرمانبەرانی قوتابخانەکان لە حاڵەتی تووشبوونیان بە



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

ڤایرۆسی کۆرۆنا بە بوونی نوێترین بەڵگەی پشتڕاستکراوی پشکنینی کۆرۆنا لەناوەندە تەندروستیە حکومیەکان، مۆڵەتیان پێدەرێت تاکو چاکبوونەوە.

٤- لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان لیژنەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا پێکدەهێندرێت بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگا و ئەندامێتی: (بەڕێوەبەری سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی و بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزای پەیوەندیدار و نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی پارێزگاکان)، ئەم لیژنەیە دەسەڵاتیان پێدەرێت بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێکی پێویست بەمەبەستی سەلامەتی مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران.

٥- فۆرمی بەڵێننامەی بەخێوکار (سەمیان) لەناوەندەکانی خوێندن بەردەست دەبێت بۆ هەر بەخێوکارێکی قوتابی و خوێندکار کە ئارەزوومەندبێت قوتابیەکەی (لە ١ ی بنەڕەتی تا ١١ ی ئامادەیی) بۆ دەوامکردن نەنێرێتەوە بۆ قوتابخانە بەو مەرجەی سوود لە خوێندنی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین و پاڵپشتی ماڵەوە وەربگرێت وە دەبێت تاقیکردنەوەکان لەناو پۆل ئەنجام بدات، ئەم فۆرمەش پێویستە لە هەفتەی یەکەمی دەستپێکردنەوەی دەوام پڕبکرێتەوە.

٦- هەر قوتابی و خوێندکارێک کە نەخۆشی درێژخایەنی هەیە یان کەسێک لەخانەوادەکەی نەخۆشی درێژخایەنی هەبێت، باشترە سەرپەرشتیاری قوتابیەکە خوێندنی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین لەوەرزی یەکەمی خوێندن هەڵبژێرێت و تەنها تاقیکردنەوە لەناو پۆل ئەنجام بدات، ئەمەش لە پێناو سەلامەتی قوتابیان و خانەوادەکانیانە، ئەم بابەتەش ئیلزامی نییە و وەزارەت وەک ڕاسپاردەیەک پێشکەشی قوتابیان و خانەوادەکانیان دەکات.

٧- بەڕێوەبەر و دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکان و مامۆستایان و قوتابیان و خوێندکاران دەبێت ماسک بپۆشن و پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن.

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

ئالان حمەسعید صالح
وەزیری پەروەردە
٣ / ٢٠٢١/٢



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

**وێنەیەک بۆ:**

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/ سەرۆکایەتی دیوان/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا / بۆ زانین / لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- وەزارەتی تەندروستی/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین و هەماهەنگی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز پارێزگارانی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە)، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان/ بۆ زانین و هەماهەنگی.
- سەرجەم بەڕێوەبەراتیە گشتیەکانی سەر بە دیوانی وەزارەتی پەروەردە/ بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردەی (هەولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - گەرمیان)/ بۆ کاری پێویست و بەدواداچوون.
- خولاو.

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner